بڕیە وە مەسکەن « خانەگا » و « پاوە »

مامۆستا مەلاکەریم دەڵێ : « مەولەوی ئەم قەسیدەیەی بۆ دۆستێکی نووسیوە کە ناوی (مەلا خەیاڵ) بووەو لە (پاوە) دانیشتووەو (ئاتەشگا) شاخێکە لە نزیکی پاوە » ٠

مەردۆخ باسی ئەو ئاتەشگایەو گوندی پاوە دەکات ٠ کورتەی باسەکەی ئەمەیە : کە (یەزدیگورد) لە (مەدائین) ڕادەکاتو دەگاتە ناوچەی کرماشان ، سەرکردەیەکی خۆی کە ناوی (پاو) بووە دەنێرێ بۆ ناو کوردەکانی شارەزوور داوای یارمەتییان لێ بکات ٠ پاو لە لووتکەی ئەو کێوە ئاتەشگایەکی بۆ دروست کردوون ، خەڵکەکەش لەو ناوە دێیەکیان بە ناوی ئەوەوە ناوناوە « پاوە » ٠

دروستکردنی ئاگرگا بۆ خەڵکی ئاگرپەرستی ئەوسا چاکەیەکی گەورە بووە ٠ بۆیە خەڵکەکە لەجیاتییان ئەو گوندەیان بە ناوی ئەو کابرایەوە ناوناوە ٠ ئاگرگا لە هەر کوێیەك بووبێ جێگای پاراستنو ناوەندی زانایانی ئایینی ئەو سەردەمە بووەو ڕێوشوێنێکی تایبەتی هەبوە ٠

مەردۆخ پاشان بەبۆنەی ئەو ئاتەشگایەوە باسی « ماریفەت »ی پیرشالیار دەکا کە لە زەمانی زوودا و پێش پەیدابوونی ئیسلام داینراوەو دەڵێ : « کتێبێکی زۆر گەورەیەو بەند بەندە ، سەربەندی هەموویان ئەمەیە :

هۆشت جە واتەی پیر شالیار بۆ
گۆشت جە کیاستەی زانای سیمیار بۆ »

مەردۆخ دەنووسێ : « کتێبی ماریفەتی پیر شالیار لە هەورامان هەر ماوەو لەسەر ئامۆژگاریی خۆی نادرێ بە بێگانە ٠ کتێبەکە بریەتییە لە پەندو ئامۆژگاریو زانایی » ، ئەم دوو بەندەشی لێ دەگێڕێتەوە :

١ - « وەروێوە وارۆ وەروە وەرێنە »
« وەریسە بریۆ چوار سەرێنە »
« کەرگێ سیاوە هێلەش چەرمێنە »
« گۆش لێ مەمێریۆ دەوای برێنە »
٢ - « داران گیانداران ، جەرگو دڵ بەرگەن »
« گاهێ پڕ بەرگەن ، گاهێ بێ بەرگەن »
« کەرگە جە هێلێن ، هێلێ جە کەرگەن »
« ڕواس جە ڕواس ، وەرگێ جە وەرگەن »

پاشان باسی پیر شالیارێکی دیکە دەکا کە ناوی خۆی ناوە سەیید مستەفاو ساڵی ٤٨٠ی کۆچی کتێبەکەی پیر شالیاری هەوەڵی گۆڕیوە ، بەتایبەتی ئەو وتانەی کە لەگەڵ ئایینی ئیسلام نەگونجاون ٠ دەشڵێ : ئەم کتێبەش لە هەورامان هەر ماوە ٠

لێرەدا ئەوەی زۆر گرنگە (ماریفەتی پیر شالیار)ە ٠ نەك لەباری ئایینییەوە ٠ شتێکی ئاشکرایە دوای پەیدابوونی ئیسلام ئەو ئایینە کۆنانە زۆر لەمێژە باویان نەماوە ٠ بەڵام وەکو میراتێکی کۆنی ئەدەبی ، وەکو هۆیەکی باش بۆ زانینی چەشنی بیرکردنەوەی باپیرانمان لەو سەردەمەدا ، وەکو بەڵگەی کولتووری مێژینەمان - نرخێکی ئێجگار زۆری هەیەو شایانی ئەوەیە بۆ وەدەستهێنانو چاپکردنی ، ئەوەندەی لە وزەدا هەیە ، هەوڵ بدرێ ٠

بەهەرچۆر ، قسەمان لە ڕێکۆپێکی ئەم شێوەیەی زمانەکەمانو هێزو توانای ئێجگار زۆری ئەو بوو لەباری (ئەدا)و گەیاندنی مەبەستی زۆرەوە لە وشەی کەمدا ٠ ئەم دوو بەندەی (ماریفەتی پیر شالیار) نموونەیەکی جوانی ئەوەن ٠ جگە لەمە ئەم دوو بەندە ناوەڕۆکێکی زۆر دەولەمەندی فەلسەفییشیان هەیە کە لێرەدا جێگەی باسکردنی نییە ٠ بەڵام لەسەر ئەم بەیتەیان کە دەڵێ :

« داران گیانداران جەرگو دڵ بەرگەن »
« گاهێ پڕ بەرگەن ، گاهێ بێ بەرگەن »

نەختێ قسە دەکەین ٠

ئەگەر مەبەست تەنیا شوبهاندنی داران بە گیانداران بێو بێیەوێ بڵێ هەر بەوجۆرە کە گیاندارەکان بەهۆی دەزگا دەروونییەکانیانەوە ماددەکانی پێویست بۆ ژیانیان وەردەگرنو تێکەڵیان دەکەنو هەڵیاندەهاوێژن ، ئەوەی بەسوودبێ دەیهێڵنەوەو ئەوەی بەزیان بێ فڕێی دەدەن ، دارەکانیش وانەو ئەم کارە بەهۆی گەڵاکانیانەوە دەکەنو بەپێی دەسکەوتنو دەس نەکەوتنی ئەو ماددانە گاهێ پڕبەرگنو گاهێکیش بێبەرگن ٠٠٠ ئەگەر هەر ئەمەندەش بێ لەوبەڕی جوانیدایەو هەر لەوکاتەدا واقیعیو دروستیشەو لایەنی فێرکردنی زانیارییشی هەیە ٠

بەڵام هەر ئەوەندە نییە ٠ ناوکی فەلسەفییشی هەیە ٠ ئەویش ئەوەیە ئەو شتانەی دەڕوێن وەکو گیانلەبەرەکان گیاندارن ٠ ڕاستەکەی ئەوەیە زۆر لەمێژ بوو بیرم لەوە دەکردەوە ئایا ئەمە بیرێکی شاعیرانەیە بە خەیاڵی پیر شالیاردا هاتووە ، یا لە ڕەوتی فەلسەفیی دنیادا جێگایەکی هەیە ؟ بەداخەوە تووشی چاوگەیەکی وا نەدەهاتم ٠ تا جارێکیان وەبیرمهاتەوە لە کاك ئیحسان طەبەریم پرسی ٠ کاك طەبەری کە زانایەکی پایەبەرزی ئێرانییە لە فەلسەفەو ئەدەبیاتداو بەڕاستی لەم مەسەلانەدا جێگای پرسو ڕایە ، دەڵێ : « ئەم بەیتە لەگەڵ دوو بڕوای ئایینیو فەلسەفیدا ڕێكدەکەوێ ، یەکیان (بڕوای ئایینی Animisme) و ئەوی‌دیکە (بڕوای فەلسەفی Hylozoisme)ی ناوە ٠

ئانیمیسم لە وشەی لاتینی (گیان Anima) وەرگیراوەو بەمەعنای بڕوایە ٠ ئەرواحی ماوەرای طەبیعی گیاکانو گیاندارەکانو شتە بێگیانەکانی دیکەیە ٠ ئەمە ئایینی قەبیلەو تیرە سەرەتاییەکانی ئینسان بووە لە هەموو دنیا ٠ ئەفسانەکان « میتۆلۆژی »ی یۆنانو ڕۆم ، ئەفسانەکانی ویدایی (هیندی)و ئەوێستایی (ئێرانی) پڕن لە باسی ئەمجۆرە ئەرواحە ٠ هەرچی (هیلۆ زۆییسم)یشە لە وشەی یۆنانی (هەیوولا ، ماددە = Hyle) و (گیان = Zoe) وەرگیراوەو مەکتەبێکی فەلسەفییە لە یۆنانی کۆنداو ماددە گشتی بە گیاندار دەزانێ (وەکو طالسی مەلطیوڕ ئەنبادیقلیسو هیدیکە) ٠ وادیارە پیر شالیار ئەم بیرو ڕا فەلسەفییەی ئاوا بەگشتی قوبووڵ نەبووەو دوای گیاندارەکان تەنیا شتی ڕوێنی بە گیاندار زانیوە ٠ بۆیە لەم بەیتەدا باسی (داران) دەکاو لە بەیتی دووهەمی ئەم بەندەدا مریشكو ڕێویو گوزگ دێنێ ٠ لەوەی کە گوتمان نەتیجە وەردەگرین کە ئەم شێوەیەی زمانەکەمان بەرلەوەی ئایینی ئیسلام پەیدا ببێت زمانی ئایینی بووەو بە پیرۆز زانراوەو زمانێکی ئەدەبیی ئاوا پڕ لە کاکڵو مەژگەی فەلسەفی بووە ٠

- ٤ -

پاش ئەو دوو کارە بەنرخە مامۆستا مەلاکەریمو کوڕەکانی (کاك فاتیحو کاك محەممەد) یا باشتر بڵێین خانەوادەی « تێکستۆلۆگ »ی کوردی خەریکی دیوانی (نالی) بوون ٠ بۆ ئەم کارە سێ نوسخەی چاپکراویان بەدەستەوە بووە ٠ پاشان دوو نوسخەی دەستنووسیشیان دەستکەوتووە ٠

لەبارەی نوسخە چاپییەکانەوە کاك فاتیح دەنووسێ : « ٠٠٠ لەڕاستیدا ئەم نوسخە چاپییانە هیچیان کەڵکی ئەوەیان پێوە نییە بەتەواوی بکرێنە بەڵگە بۆ لێکۆڵینەوەو مەعنا لێدانەوە » ٠ قسەیەکی زۆر هەقو ڕەوایە ٠ نەك هەر ئەمانە ، چاپەمەنی کوردی بەگشتی - چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری نەبێ کە هەڵەیان کەمە - ئەوانیدیکە زوربەیان وان ، بەدەگمەن لە ناویانا هیوات دەستدەکەوێ دروستو ڕێكوپێك بێ ٠ لە زەمانی پادشایەتی ڕووخاوداو چەند ساڵێکیش دوای ئەوە ، جگە لە هەڵەی زۆری چاپی ، هێندێکیان لە سانسۆر بەتەواوەتی کلكو گوێ کراون ٠ بۆنموونە دیوانەکەی (سەلام)بەڕاستی دەڵێی کەروێشکەو دەتانجیی تێبەردراوەو هەریەکەی لە لایەکەوە جەرگو هەناوی دەرهێناوە ٠ دوای ئەو ساڵانەش لەبەر تەمبەڵیو کەمتەرخەمیی خاوەنەکانیان ئەوەندەیان هەڵە هەیە بە بەڵگە ناژمێردرێن ٠ ئەو دوو نوسخە دەستنووسەش کە دەستیان کەوتووە بە کۆنە ڕێنووسی فارسی بوون ، ڕووتو قووتو هیچیوایان پێوە نەبوە یارمەتیەکیان بدات ٠ لەبەرئەوەو هەروەها لەبەرئەوەش کە نالی ئەوەندەی لە وزەیدا بووە یاریی بە وشەکان کردووە ، ئەرکی تێکستۆلۆگەکان زۆر قورس بووەو تووشی ڕەنجێکی شەکەتکەر هاتوونو ناچار بوون سێ ئەوەندەی تێکستۆلۆگی خەڵکەکانی دیکە ماندوو بن ٠ لە زەمانانی دیکەدا تێکستۆلۆگ لەحاست شکڵە جیاوازەکانی نوسخەکان کاری تەنیا ئەوەندەیە شکڵێ دروست بدۆزێتەوەو لەوجێگەیەدا تێکستەکە بەدروستی داڕێژێتەوە ٠ بەڵام ئەمان ناچاربوون جگە لەوە

پاشماوەی لە لاپەرە (١٥)

لە شیعرەکانی مەولەوی و خانای قوبادی

مەولەوی

نەهاتو نەهات
دڵ ماتەن ئیمشەو
ئەڵبەت شنۆی شەو
بەراتەن ئیمشەو
سیاهەی دەفتەر
میرزای ئەزەلەن
زیادیو نوقسان
رزقو ئەجەلەن
ئەوها وەبەرات
بێ ئەندازەوە
ئید وەتەعلیقەی
عومر تازەوە
کەسێ قووتش نوقڵ
راز یاوەرەن
یەکی زیندەگیش
وەصل دڵبەرەن !
هانا هام دەردان
چێش مەکەردێ پێم
من دیام نەڕووی
تەقسیم نامەی وێم ٠٠

خانای قوبادی

مەر عەیبەن قبلەم
وێنەی تۆ شایێ
بپرسۆ هەواڵ
چون من گەدایێ
ئەر تۆ شەرطو بەین
بزورگیی پێتەن
فەرهاد کۆ کەن
رەنج بەردەی وێتەن
جە صوب تا بەشام
هەرزاریم پیشەن
هام دەنگم صدای
قوڵنگو تیشەن
چێش مەبۆ جارێ
مەر عەیبو عارەن
بپرسی داخۆ
فەرهاد چ کارەن
بەتەنیاو بێکەس
نەپای سەنگ خار
چ طەور مویارۆ
نمەز رۆژگار